رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:54 31-3-2007

Khalidabdula2000@yahoo. com

## ڕاپەڕین لە نێوان واقع و ئەفسانە ... خالد گڕاوی

ڕاپەڕین بورکانێکی تورەو تۆڵەی جەماوەر بوو، لە دەستەڵاتی چەوسێنەرو تۆقێنەری شۆفینزمی بەعس، کە بۆماوەیەکی زۆر لەناخی خەڵکە ستەم دیدەکە پەنگی خواردبوە و ئامادەیەکی تیا دورست کردبوو کە لە بچوکترین هەلی لاوازی دەستەلات بتەقێتەوە بەڕویدا.



یاد کردنەوەو بەرز ڕاگرتنی ڕاپەڕین وەك نەریتێکی نەتەوەیی پارێزراوە، بەلام ئەوەی تێبینی دەکری، لە سالانی ڕابردوو لەسالیادی سەرهەلدانی ڕاپەڕین، جۆش و خرۆشی یادەکە گەرمتر بو، حیزبە کوردستانیەکان هەریەکەیان دەیویست دەوری کاریگەری خۆی لەڕاپەڕین بۆ ڕای گشتی کوردی بخاتە ڕوو، هەندێکیان بە بەلگەنامە و سود وەرگرتن لە ئەرشیفی کۆنی ڕاپەڕین، هەندێکیش هۆکاری تری قەناعەت پێکردنیان دەخستە ڕوو، لە بەر پەڕی ڕۆژنامەکانیش کۆمەلێك باس و بابەت، کەزۆر جار وتاری دژەڕاو بۆچونی ڕاست و هەندی جار چەواشە کاریشی تیا ڕەنگی دەدایەوە، کە زۆربەیان زیاتر لە کەلتوری دەستەلاتی تاکرەو خۆسەپێن وێنا دەکران. ڕەنگدانەوەی واقیعی بۆچونی حیزبی پێشڕەوەو سەرکردەی پیرۆز و زەرورەت بەرهەم هێنی بون.

ڕاستی گێرانەوەی (هەلومەرجی ڕاپەڕین، بەرنامەی ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین و هۆکارەکانی سەرهەلدان و خیرایی تەشەنەکردن و دەوری ڕاستی حیزبەکان و جەماوەر لە جی بەجێکردنی بەرنامەکە، هۆکارەکانی پاشەکشی و کۆچی ملیونی خەلکی کوردستان بەرە و چارەنوسی نادیار)، کە هەرلایەنە بۆ زیاتر پیرۆزی دان بەحیزبەکەی تەفسیرێکی خودی بۆ دەکات، نەبون و دانەنانی لیژنەیەکی پسپۆر بۆ نوسینەوەیەکی زانستیانەی ئەم یادە و بالادەستی بیری حیزبی لەسەرجەم بوارەکان، وەك ڕێگرێك بوە لەبەردەم ئاشکرا کردن و نوسینەوە و خستنە ڕوی ڕاستیەکانی ڕوداوەکە، ڕاپەڕین لەسەر تەمەنی نەوەیەك گوزەری کرد، کەنازانی دەسال بەر لەئێستا چی ڕویداوە، چۆن بزانی تەعریب و تەبعیس و ئەنفال و کیمیاباران و دیکتاتوریەت چۆن بوە، ڕاپەڕین کی کردی لە دژی کی کرا، ئەوانەی باسی ڕۆژگارەکە دەکەن کامەیان ڕاستن، چەند ڕاپەڕین لە واقیع نزیکە، کە هەندی لە گێڕانەوەکانیان ئەوەندە نزیکی دەکەنەوە تا ئاستی لە قالب دانی ئەفسانە، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکمان بەشێکی مێژوی ڕۆژگارەکە بوینە، هەندی جار دەکەوینە گومان، لە ڕاستی ڕوداوەکان، کە ئەمە ڕاست ئەو ئەفسانەی کاوەو زوحاکم دێنێتەوە یاد، کە باپیرانمان بە درێژای سەدان سال بەشانازی یادیان کردۆتەو ئیستا زانیویانە لەم کارە بە هەلە چونە.

هەلسوکەوتی حیزبەکان لە دوای ڕاپەڕین زۆری لە بەها پیرۆزەکەی ڕاپەڕین و کۆچڕەوی کەم کردەوە وای لێهاتوە کە بەشداربوانی ڕاپەڕین نەتوانن بەڕاشکاوی لەبەر هەندی لە بەرپرسەکانیان باس لەڕاپەڕین بکەن و چالاکیەکانیان بە واقعی بگێرنەوە، چونکە ئەوانەی ڕاپەڕینیان کرد لەگەل ئەوانەی ڕاپەڕینیان لەسەرکرا، چی ئەوانەی شەهیدو چی کوژراو بون چی ئەوانەی هێرشیان دەکرد بۆ ڕامالینی دەزگا سەرکوت کەرەکان لەگەل کلاو سورە پارێزەرەکانی، ئیستا لە یەك لیست موچە وەردەگرن.

نەبونی خوێندنەوەیەکی زانستیانە بۆ گۆڕینی شیوازی دەستەلاتی تازە و زال بونی کەلتوری خێل و، قولبونەوەی ململانی ی حیزبی بەناخی دەستەلاتی دوای ڕاپەڕین، فەزایەکی هاوشێوەی پێشوی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خولقاند، کۆمەڵێك سلبیاتی چاوەڕوان نەکراوی لی کەوتەوە، لەپێشەوەیان، هەڵپەکردن بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین خەڵك لە دەوری حیزب و چاوپۆشی کردن لە تاوانەکانیان، پاشان دانانیان لە پۆستی باڵا، بونە بڕیاردەری حیزب وحکومەت، کە ئەمەش لەگەڵ ویست و ئومێدو هیوای ئەنجام دەرانی ڕاپەڕین یەکی نەگرتەوە.
لێکدانەوەوەو گێڕانەوەی ڕوداوەکان تەنها بە هەندی کەسی دەستەمۆی چەواشەکاری حیزب نەوەستا، دواجار شێواندنی مێژوو گۆڕینی کاراکتەرەکانیشیان خستە ئەستۆی پاڵەوانە تازە کان لە کۆنە مەفرەزە خاسەکان و مستەشارەکان و ئەنفالچیەکان کە زۆر بێشەرمانە، داستانی ڕاپەڕین دەگێڕنەوە، ئەمان دەگۆڕێن بە قارەمان و، جەماوەرو ڕێکخستن و پێشمەرگەش بەکری گیراو (مخرب) کار وابڕوات لەسالانی داهاتو داواکاری و لێپرسینەوەشیان لەگەڵ دەکری بەتۆمەتی دەرچونیان لەیاسا ودژایەتی کردنی وڵات.
بۆیە گومانکردن لە مێژوی گەلەکەمان کارێکی نادورست نیە، ئەگەر ئێمە نەمانتوانیبی دوێنی ی ئازادی وەك دۆکیومێنتێك بپارێزین، ئەوە بە هەڵە ناچین ئەگەر گومانمان لە تەواوی ئەو بەناو سەروەریانە بێت، لە قۆناغەکانی شۆڕش وەك دەڵێن ئەنجامیانداوە و، ئەمڕۆ لەسەر کورسی دەستەڵات بە مزایەدە پێمان دەفرۆشنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.